# لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر کۆمەڵگە

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان لەسەردەمی پەتای کۆڕۆنادا

**م. د. هەتاو حەمەساڵح حسێن**
زانکۆی هەڵەبجە -کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی ڕاگەیاندن
hataw.salih@uoh.edu.iq

**م. د.پەروین أبوبكر محمد**
زانکۆی سلێمانی-کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی کۆمەڵناسی
Parwin.muhammad@univsul.edu.iq

**م. د.شیلان علی عارف**
زانکۆی سلێمانی-کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی کۆمەڵناسی
Shelan.arf@univsul.edu.iq

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە کۆمەڵناسی ڕاگەیاندنە، هەوڵێکە بۆ ڕونکردنەوەی کاریگەرییەکانی میدیا لەسەر کۆمەڵگە. ئاشکرایە لە کاتە نائاساییەکاندا هەواڵەکان زۆردەبن، لەم نێوەندەشدا ئەگەری هاتنە ناوەوەی هەواڵی ساختە زیاتر دەبێت، میدیای نوێ و بە تایبەت سۆشیال میدیا لە ئێستادا بە ئامڕازێکی کاریگەر بۆ بڵاوکردنەوە و گوێزانەوەی ئەو هەواڵانە بەهەموو جیهاندا دادەنرێت. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنەرووی مەترسییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر کۆمەڵگە، ودەستنیشانی لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو هەواڵانە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات. بۆ ئەم مەبەستە، توێژەران هەستاون بە شیکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەو هەواڵە ساختانەی کە لە سۆشیال میدیادا بڵاودەکرێنەوە، ئەمەش لەرێگەی دابەشکردنی پرسیارنامەی توێژینەوەکە کە بەشێوازی گوگڵ فۆرم بڵاوکراوەتەوە، ٤٠٧ کەس فۆرمەکەیان پڕکردووەتەوە، کاتی کۆکردنەوەی داتاکان لەنێوان ئازارو نیسانی ٢٠٢٠ دا بووە، واتە لەماوەی کەرەنتینە لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید ١٩، ئەوکاتەش بەسەردەمی تەشەنەکردنی نەخۆشیەکە لە هەموو جیهاندا دادەنرێت. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخەن کە بە ڕادەیەکی زۆر هەواڵی ساختە کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە هەبووە و کەشێکی نەخوازراو و حاڵەتی دڵەراوکێی زۆری بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە دروستکردووە.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**ملخص**

يعد البحث محاولة لدراسة تأثيرات الإعلام على المجتمع. يتزايد الأخبار في الأوقات الغير العادية، وكذلك يتزايد إمكانية نقل الأخبار المزيفة والشائعات. يعتبر وسائل الإعلام وبالأخص وسائل التواصل الاجتماعي الحديثة أدوات فعالة لنشر الأخبار ومن ضمنها الاخبار الكاذبة وتناقلها في جميع أنحاء العالم. الهدف من هذه الدراسة هو كشف مخاطر الأخبار الكاذبة للمجتمع. وتحديد الجوانب الاجتماعية والعاطفية لتلك الأخبار. تحقيقا لهذه الغاية، قام الباحثون بدراسة وتحليل آثار الأخبار الكاذبة (المزيفة) المنشورة على وسائل التواصل الاجتماعي من خلال توزيع استبيانات بحثية وبالأستعانة بـ(انشاء استبيانات الكترونية في جوجل) وتوزيعها الكترونيا. استجاب أربعة مائة وسبعة أشخاص وقاموا بملء الاستمارة، وجمعت البيانات بين آذار (مارس) و١ نيسان (أبريل)، أي خلال فترة الحجر الصحي الناجم عن انتشار فيروس كورونا (كوفيد١٩) في إقليم كوردستان. وقد أظهرت نتائج الدراسة أن الأخبار الأخبار الكاذبة (المزيفة) كان لها تأثير سلبي على المجتمع وخلقت جوًا غير صحي وكثير من القلق لدى الناس.

**Abstract**

This research is an attempt to clarify the impact of Media on society. Obviously, there is a lot of news in unusual times; in the meantime, the possibility of infiltrating fake news is increasing. New media and especially social media are considered as effective tools for disseminating that news all over the world. The aim of this study is to determine the social implications of this news on the society. The researchers studied the effects of the fake news published on social media, by sharing research questionnaires which was published in Google Form. 407 peoples filled out the form. Data was collected between March and April 1 that was, during the quarantine period caused by the spread of the (Corona/Covid 19) in the Kurdistan Region. The results showed that the fake news had a negative impact on society and created an unhealthy atmosphere and a lot of anxiety for peoples.

**پێشەکی:**

پسپۆرانی بواری میدیا وەک نەخۆشییەک مامەڵە لەگەڵ هەواڵی ساختەدا دەکەن چونکە بوەتە سەرچاوەی نائارامی وناسەقامگیری لە جیهاندا. هەواڵی ساختە لەسەر ئاستی جیهان بووەتە گرفتێکی گەورە بۆ ڕاگەیاندن وبۆ کۆمەڵگەش، ئەمەش لەگەڵ هاتنی سۆشیال میدیا زۆرتر زەق بووەتەوە وبە یەکێک لە گرفتە گەورەکانی میدیا دادەنرێت. هەواڵی ساختە ئاسەوارێکی نەرێنی بەرچاوی لەسەر کۆمەڵگە هەیە، هەرچەندە هەواڵی ساختە زوو یان درەنگ دەردەکەوێت و دەبێتە شتێکی بێ بایەخ بەڵام زۆرجار ماوەی ڕاستکردنەوەی هەواڵەکە و دەرخستنی ڕاستییەکان کاتی دەوێت و لەو ماوەیەشدا هەواڵەکە کاری خۆی کردووە و مەبەستی خۆی پێکاوە.

بەشێوەیەکی زانستی سەلمێنراوە کەوا ئەو هەواڵانەی کە پەیوەندییان بە کارەساتە سروشتییەکان، زانست، ئەفسانەی شارستانی وزانیاری ئابوورییەوە هەیە خێراتر بڵاوبوونەتەوە. دەرکەوتنی پەتای کۆرۆنا خۆی لە خۆیدا هەواڵێکی گەورەیە ڕاگەیاندنەکانی جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە. ڕاگەیاندن لە کاتی هەڵمەتی ڕووبەڕووبونەوەی



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ئەم نەخۆشیەدا خزمەتێکی گەورەی بە مرۆڤایەتی کردووە، ئەمەش وەک هەڵمەتی هۆشیاری گشتی وئاگادارکردنەوە، گەیاندنی رێنمایی تەندروستی بەخەڵک، پێدانی زانیاری دروست. هەموو جۆرەکانی میدیا بە بینراو بیستراو وخوێنراو زۆر بەخێرایی هەستان بە هەڵمەتی راگەیاندنی رێنماییەکان و هۆشیارکردنەوە. لەم هەڵمەتەشدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک میدیایەکی زۆر خێرا وکاریگەر پشکی شێری بەرکەوتووە و بە خێرایی بوو بەسەرچاوەیەکی گرنگ بۆ خەڵکی لە هەموو جیهاندا. ئەمەش لەگەڵ خۆیدا خاڵی ئەرێنی زۆرە و بەڵام لە هەمان کاتدا بە دور نییە لە چەندین خاڵی نەرێنی کە کاریگەری خراپی لەسەر خەڵک و کۆمەڵگە دروستکردووە، گەورەترینیان تێکەڵکردنی هەواڵی ساختەیە بە هەواڵی راستەقینە و چەواشەکردنی کۆمەڵگەیە، لە ئێستادا کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر کۆمەڵگە بووەتە فاکتەرێک بۆ زیاد بوونی نالەباری بارودۆخەکە و دروستکردنی فۆبیای ترس و تۆقاندن لای جەماوەر. لەبەرئەوە پێویستە لێکۆڵەران بە شێوەیەکی زانستی توێژینەوە لەسەر زیادبوونی هەواڵی ساختە لە کاتی پەتای کۆرۆنادا و کاریگەرییەکانی ئەنجام بدەن و راسپاردەکانیان ئاراستەی کۆمەڵگە بکەن.

**ئامانجی تویژینەوەکە**

١. دەرخستنی لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر تاک و کۆمەڵگە

٢. دەرخستنی جیاوازی نێوان سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، باری کۆمەڵایەتی، پیشە، شوێن).

**پرسیاری تویژینەوەکە**

1. دیارترین لێکەوتەکانی هەواڵی ساختە لەسەر تاک و کۆمەڵگە چین؟

A. کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر تاك و کۆمەڵگە چییە؟

B. کاریگەرییە دەرونییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر تاك و کۆمەڵگە چییە؟

C. لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر کاڵبونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان؟

2. کاریگەریی هەواڵی ساختە لەسەر تاک و کۆمەڵگە بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، باری کۆمەڵایەتی، پیشە، شوێن)؟

## بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

**کلیلەکانی توێژینەوە:**

هەواڵی ساختە، سۆشیاڵ میدیا، کۆمەڵگە

یەکەم: **هەواڵی ساختە** Fake News

بەهۆی خێرای و گەشەسەندنی چەمکی هەواڵی ساختە فەیلەسوف و پسپۆرانی بواری میدیا چەندین زاراوەی نوێیان هێناوەتە ناو فەرهەنگی میدیاییەوە، لەوانە:

زانیاری هەڵە (Disinformation)، گروپی پسـپۆڕانی باڵای یەکێتی ئەوروبا هەواڵی ساختەی (fake news) بە مانای زانیاری هەڵە داناوە، واتە ئەو هەواڵەی کە هەموو ڕەگەزەکانی ساختەیی تێدایە لەوانە: ناڕاستی، چەواشەکردن، ڕەواجدان بە هەواڵی هەڵە بۆ زیانگەیاندنی گشتی لەبەرامبەر قازانجێکی تاکەکەسی هەواڵ دانەرەکەدا ( EU High Level Expert Group, 2018).

بە هەمان شێوە هەریەکە لە (Alcott & Gentzkow, 2017) جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی هەواڵی هەڵە تەنها بۆ مەبەستی قازانج یان برەودان بە ئایدۆلۆژیا بەرهەم دەهێنرێت.

فەرهەنگی کامبریجی بەریتانیا دەڵێت هەواڵی ساختە وەک نوکتە یان چیرۆکە و بەشێوەی هەواڵ دەردەکەوێت لە میدیادا بە تایبەت لە میدیای ئەلەکترۆنیدا، بە زۆری مەبەست لێی کاریگەری دروستکردنە لەسەر بۆچوونە سیاسییەکان.

بەکارهێنانی وشەی "نوکتە" بۆ ئەم پێناسەیە لەوایەیە هەندێک بە گونجاوی نەزانن لە رووی ڕۆژنامەگەرییەوە، بەڵام هەمیشە چیرۆکی ناڕاستی گاڵتەئامێز بە شێوەیەکی زۆرخێراتر بڵاودەبێتەوە و خوێنەر زیاتر چێژ لە خوێندنەوەی وەردەگرێت، هەربۆیە خاوەنی ڕۆژنامە زەردەکان هەمیشە پەنای بۆ دەبەن بۆ زیادکردنی ژمارەی خوێنەرانیان و پرفرۆشکردنی رۆژنامەکانیان، ئێستاش بۆ هەمان مەبەست لە میدیای ئەلەکترۆنیدا بەکاردێت و لەپەرەسەندندایە (Martens et al, 2018).

هەواڵی ساختە زۆر بە زیرەکانە دەنوسرێت، بە ئاستەم دەتوانرێت جیا بکرێتەوە لە هەواڵی فەرمی، بە تایبەت ئەوانەیان کە جدییەتیان تێدا رەچاودەکرێت، هەواڵی ساختە بنەمایەکی ڕاستی تێدایە تاوەکو خوێنەرانی پێ چەواشە بکرێت.

زۆربوونی هەواڵی ساختە گرفتێکی گەورەی بۆ بابەتی ڕاستگۆیی میدیا دروستکردووە، سەنتەرە گەورەکانی توێژینەوەو پسپۆڕان دەیانەوێت ڕووبەڕووی ببنەوە، بۆ ئەم مەبەستە هەڵمەتێکی جیهانی لەلایەن توێژەران و خەمخۆرانی بواری میدیا لە دژی هەواڵی ساختە دروستبووە. لە ئێستادا کۆمپانیا گەورەکانی ئینتەرنێت وەک گوگڵ هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت تویتەر، فەیسبوك و دەیان ڕێکخراو و سەنتەرو کۆمپانیای میدیایی دەیانەوێت بە هەر نرخێک بێت زاڵبن بەسەر ئەم گرفتەدا، چەندین ئامراز و بەرنامە ئەپڵیکەیشنی تایبەتیان دروستکردووە تا ڕێگری لە تەشەنەسەندنی بکەن.

**دووەم: سۆشیال میدیا**

سۆسیال میدیا بریتییە لە ناوەندێکی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی تۆڕی ئینتەرنێتی، ئاسانکاری بۆ دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەکات. بەهۆی بوونی خزمەتگوزارییەکی فراوان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لە ئێستادا چەندین پلاتفۆرمی جیاواز لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە وەک فەیسبووک، تویتەر، لینکیدین، زۆربەیان چەند تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە وەک پەیوەندیکردن، شێرکردن و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری، بیرۆکە ...هتد . بەشێوەیەکی

گشـــتی لە ئێســـتادا لە جیهاندا زۆرترین بەکارهێنەریان هەیە ( Kaplan & Haenlein, 2010; Kietzmann et al, 2011; Obar & Wildman, 2015).

وەک پێشـــتر ئاماژەمان پێدا هاتنی ســـۆشـــیال میدیا دەرگایەکی گەورەی بە رووی خەڵکدا کردەوە هەنگاوێکی چاوەروان نەکراو بوو لە جیهانی میدیا و تەکنەلۆجیادا. ئەم داهێنانە نوێیە گەورەترین خزمەتی بە مرۆڤایەتی کردووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەدەرنیە لە خاڵی نێگەتیف، کە جگە لە کاریگەرییە خراپەکانی بۆ سەر کۆمەڵگە خودی میدیاش بەهۆیەوە رووبەرووی چەندین گرفتی گەورە بوەتەوە.

لەگەڵ زیادبوونی بەکارهێنەرانی سۆ شیال میدیا هەواڵی ساختە پەرەی سەندووە، کە سانێک لەهەژماری تایبەتی خۆیانەوە زۆر بەئاسانی و بەشێوەیەکی مەبەستدار بانگەشە بۆ سیاسەت، بزنس یان بڵاوکردنەوەی بیر و ئایدۆلۆژیا و ئاینی دەکەن، لەوانەشە مەبەستی تەنها ناوبانگی بێت تەنها بۆ مەبەستی زیادکردنی هەواداران بێت.

ئێستا کێبرکێییەکی گەورە لە نێوان پەیج و هەژمارە تایبەتەکاندا هەیە بۆ زیادکردنی فان و لایک و هەوادار، بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەبرێت بۆ هەواڵی ساختە یان سەرسورهێنەر، چونکە ئاشکرایە کارلێکی جەماوەر لەگەڵ هەواڵە ساختەکاندا زۆرترو زیاترە، بەم رێگایەش بە شێوەیەکی خێرا ئەو کەسانە ناوبانگ پەیدا دەکەن و لە رووی ماددی و ناوبانگیشـــەوە گەورە دەبن و، لەنێو پەیجەکانیشـــدا بەتایبەت ئاراســـتەکراوەکاندا هەواڵی ســـاختە لە دژی یەکدی بڵاودەکەنەوە و بینەر و خوێنەر دوچاری دڵەراوکێ دەکەن.

تۆرە کۆمەڵایەتییەکان زۆر لەبارە بۆ بڵاوبوونەوەی هەواڵی ساختە بەهۆی ئەوەی :١) زۆری ژمارەی بەکارهێنەرانی سـۆشـیاڵ میدیا لە هەموو جیهان، ئێسـتا ژماری بەکارهێنرانی سـۆشـیاڵ میدیا گەیشـتوەتە ٣/١ جیهان. ٢) خێرایی بڵاوبوونەوەی لە ماوەیەکی کورتدا بە هەموو جیهان. ٣) ئاسـانی بەکارهێنان و بڵاوکردنەوەی پۆسـت و وێنە و ڤیدیۆ. ٤) ئاسـانی دەسـتکاری کردنی وێنە راسـتەقینەکان و گۆرانکاری بە پێی ئارەزوو. ٥) دروسـتبوونی چەمکی هاووڵاتی رۆژنامەنووس کە لە ئێســـتادا هەریەک لەجێی خۆیەوە کاری رۆژنامەنووســـی دەکات بەبێ ئاگا بوون لە ئەرک و بەرپرسیارێتی رۆژنامەوانی[1]

بەپێی بەدواداچوونێکی کۆمپانیای ئاســـیاســـێڵ کە بۆ ئاســـتی بەکارهێنانی مۆبایل و ئینتەرنێت لە ســـاڵی ٢٠٢٠ ئەنجامی داوە، راپۆرتەکە یان ئاماژە بەوە دەدات کە ٤٣٪ تاکە کانی کۆمەڵگە لەکوردســـتان و عێراق ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، ئەمەش سۆشیاڵ میدیا و پەیج و ماڵپەرو دەزگا فەرمییە میدیاییەکانیش دەگرێتەوە.

**سێیەم: کۆمەڵگە Society**

کۆمەڵە تاکێکن لە شـــوێنێکی جوگرافی دیاریکراودا دەژین، و پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە، ســـســـتم و کلتورێکی هاوبەش کۆیاندەکاتەوەو تایبەتمەندییەکی جیاوازو هاوبەشـیان پێدەبەخشـێت (بدوی، ١٩٨٢: ٤٠٠)، و پەیوەســتن بە

١ هاووڵاتی رۆژنامەنووس، هاووڵاتیەکی ئاساییە بەڵام رۆڵی رۆژنامەنوسێکی کارا دەبینێت لە پرۆسەی کۆکردنەوە و راپۆرت نوسین و شیکاری و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریدا بە تایبەت لەنێو میدیای ئەلەکترۆنی و سۆشیاڵ میدیادا.



JZSB p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

کۆمەڵێک پێوەری کۆمەڵایەتییەوە لە سەربنەمای زمان و مێژوو کلتووری هاوبەش (الحسن، ١٩٩٩: ٥٥٠)، یاخود بریتییە لە کۆی سیستمە کۆمەڵایەتییەکان، کە ئامانجیان پڕکردنەوەی پێداویستی و هێنانەدی خواستی تاکەکان، یەکەیەکە لەسەروی بوونی مرۆڤەوە و لەیەکگرتنی کۆمەڵێک تاکەکەس پێکهاتووە، وەهەستێکی هاوبەش و ڕەفتارێکی دیاریکراویان هەیە، کە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکەیان ئەیسەپێنێ بەسەریاندا و تاک لایەنگری دەکات و ئەندامە تیایدا (غیث، ٢٠٠٦: ٤١٦)

مەبەستی توێژەران لە چەمکی کۆمەڵگە لە توێژینەوەکەدا: کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانە، کەپێکدێت لە کۆمەڵە تاکێکی دانیشتووی شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، زمان ومێژوو کلتورێکی هاوبەشیان هەیەو بەزمانی کوردی دەدوێن، هەوڵدەدەن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان و هێنانەدی ئامانجەکانیان.

**هەواڵی ساختە لە سەردەمی کۆرۆنادا**

کاتێک باس لە هەواڵ دەکرێت چەند ڕەگەزێک تیایدا لە بایەخی زیاد دەکات، ئەوانیش بریتین لە ناوبانگ و نزیکی کات، هەروەها سەرسوڕهێنەری هەواڵەکە ،بۆ نمونە کاتێک لە ئێستادا ناوبانگی نەخۆشی کۆرۆنا هەموو جیهانی گرتوەتەوە دەبینین چە ندین هەواڵی گەورە تۆقێنەر بەرهەم دەهێنرێت لە لایەن کەسانی شارەزاوە ئەویش بۆ زۆربوونی خوێنەری هەواڵ. بەوپێیەی مرۆڤ زیاتر مەیلی بەلای بابەتە نوێ و نائاساییەکان هەیە، هەربۆیە ئەو پۆست و تویتانەی بابەتەکانیان شتی داهێنراویان تێدایە ئەگەری سەرنجدان و خوێندنەوەیان لە ئاستێکی بەرزدایە، لە بەرامبەریشدا بابەتی ئاسایی و بیستراو کەمتر دەبنە جێگەی بایەخی تاکەکانی کۆمەڵگە.

تا چەند ساڵێک لەمەوبەر هەواڵە ساختەکان زیاتر هەواڵی سیاسی بوون، کاتێک باسی هەواڵی ساختە دەکرا بەدوایدا باسی سیاسەت و هەڵبژاردن وکێشمەکێشمی سیاسەت دەهات، بەڵام ئێستا بەهۆی گەورەیی پەتای کۆرۆنا، زۆربەی هەواڵەکان لە جیهاندا بوونەتە باسی کۆرۆنا، هەر لەم ڕووەشەوە هەواڵی ساختە خۆی خزاندوەتە ناو زۆرێک لە هەواڵەکان، و ڕۆژانە دەیان هەواڵی تۆقێنەر لە پەیجەکان و ئەکاونتە تایبەتەکانەوە دەردەچێت و بە خێراییەکی زۆر بە هەموو جیها ندا بڵاو دەبێتەوە. بازاڕگەرمی هەواڵی درۆ و ساختە لەم کاتە هەستیارەدا گرفتێکی گەورەی بۆ کۆمەڵگە دروستکردووە، و لە ڕووی دەرونییەوە کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەریان هەیە، چونکە تا ساغبوونەوەی هەواڵەکە و ڕەتکردنەوەی لایەن دەزگاکانەوە، هەواڵەکە کاریگەری نێگەتیفی خۆی دەگەیەنێت و بارگرژییەکی زۆر لە ناو کۆمەڵگەدا دروستدەکات. ئەم کاریگەرییە زۆرەشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە تاڕادەیەکی باش هەواڵەکە نزیکە لەڕاستییەوە. لەم کاتەدا کە پەتای کۆرۆنا بوەتە دێوەزمەیەکی تۆقێنەر بەسەر تەواوی جیهاندا، هەر شتێک بوترێت زۆر بەخێرایی بڵاودەبێتەوە وکاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دەبێت، چونکە چاوەڕوانکراوەو ڕۆژانە دەیان کارەساتی مرۆیی لە جیهاندا ڕوودەدەن.

گرفتی هەواڵی ساختە لەوەدایە کاریگەری نەخۆ شییەکە هێندەی دیکە زیاتردەکات، لەم ساتە وەختاندا کە پەتاکە چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە وزۆر شت لە نەخۆشیەکەدا نادیارە سەدان و هەزاران کەس توشی دڵەراوکێی توند

کردوەتەوە و تەنانەت هەندێ جار دەگاتە حاڵەتی تۆقاندن، تەنانەت ئەگەر پاش ماوەیەکیش ناڕاستی هەواڵەکە دەرکەوت گرنگیەکی ئەوتۆی نابێت، چونکە هەواڵەکە ئامانجی خۆی پێکاوە.

**میدیا و تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی**

لە دنیای ئەمڕۆدا هەژموونی میدیا بە سەر تاك و كۆمەڵگەوە زۆرە، لە ئێستادا ڕاگەیاندن بەتەواوی تێکەڵاوی ژیانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بووە. کەواتە پێویستە باسی مافی هاوڵاتیان بەسەر میدیاکانەوە بکەین، چونکە ڕاستە ڕاگەیاندن کاری بۆ کۆمەڵگە کردووە بەڵام لە هەمان کاتتدا گرفتیشی بۆ دروستکردووە و بووەتە مایەی شڵەژان و نیگەرانی. لەڕاستیدا ئەرکی سەرەکی میدیا بریتییە لە خزمەتکردن و پارێزگاریکردنی کۆمەڵگە، هەربۆیە لەهەرکاتێکدا زانرا دەبێتە هۆی ئازاردانی تاکەکانی کۆمەڵگە، و تێکدانی باری ئارامی کۆمەڵگە ئەوا پێویستە شارەزایان و پسپۆران و سەندیکاکانی بواری میدیا لەسەری بێنەگۆ.

شارەزایانی بواری راگەیاندن لەدوای چەندین ساڵ کارکردن بۆ بەرقەراربوونی ئازادی ڕۆژنامەوانی گەیشتنە ئەو ڕاستییەی کە ئازادی ڕەهای ڕاگەیاندن زیان بە هاوڵاتی دەگەیەنێت، بۆیە پاش لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیەکی زۆر لە بوارەکەدا تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی هاتە ناو بواری ڕاگەیاندنەوە (Peterson and Schramm,1956).

هەموو ئازادییەکان لە نێویشیاندا ئازادی رۆژنامەوانی پێویستی بە گیانی بەرپرسیارێتی هەیە، ئازادی و بەرپرسیارێتی، دوو چەمکی تەواوکەری یەکترن. تیۆری لیبرالی Liberal Media Theory و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی Social Responsibility Media Theory دوو تیۆری گەورەی ڕاگەیاندنن. ئازادی رۆژنامەوانی تیۆرییەکی نوێ نییە، بەشێوەیەکی گشتی لەکۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەم لەبەریتانیا باس وخواستی گەرم لەسەر هەڵگرتنی سانسۆری سەر رۆژنامەکان کراوە، ساڵی ١٦٩٥ پەرلەمانی بەریتانی یاسای رۆژنامەوانی ڕێکخست، ئەم بابەتە لەئەنجامی وتارە بەناوبانگەکەی جۆن ملتۆن John Milton's Areopagitica لە ساڵی ١٦٤٤ هاتەبوونەوە، کە بۆپشتگیریکردن لە ئازادی ڕۆژنامەوانی نوسیبووی، لە ڕاستیدا ئەم ئازادییەی ئێستا لە بواری ڕۆژنامەوانیدا پراکتیز دەکرێت، بەرهەمی هەمان ئەو فەیلەسوف و بیرمەندە سیاسییانەی وەك (جۆن لۆكJohn Locke ، تۆماس جێفێرسۆن Thomas Jefferson، جۆن میلتۆنJohn Milton )ە، ئەوان لە وتار و نووسینەکانیاندا بەتوندی جەختیان لەسەر بنەماکانی ئازادی و دیموکراسی دەکرد. لە کۆتاییدا ئەو هەوڵ و بیرکردنەوانە بوونە هۆی گەڵاڵە بوونی یاسایەکی تایبەت بە ڕۆژنامەوانی لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا، لە پاشاندا بوویە یاسایەکی جیهانی بۆ ڕاگەیاندن، وەك دەستکەوتێکی گەورەی ئازادی رۆژنامەوانی لە ساڵی ١٧٩١ لە دەستوری ئەمریکا و لە ١٧٩٢ لە بەریتانیا جێگیرکرا (Peterson and Schramm,1956;).

بەڵام لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا و پاش جێگیر بوونی ئازادی ڕڕۆژنامەوانی، ڕاگەیاندنەکان بەناوی ئازادییەوە زۆرێك لە سنورەکانی کۆمەڵگەیی و تاکەکەسیان تێدەپەڕان، لەبەرئەوە پێداچونەوە بەئازادییەکان و ئازادی رۆژنامەوانی بوویە کارێکی گەورەی شارەزایان و پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن، گەنگەشە کردنی فەلسەفەیەکی تر بۆ

کاری میدیایی بووبوویە کارێکی پێویسـت، دەرئەنجامی هەوڵەکان تیۆری بەرپرسـیارێتی کۆمەڵایەتی Social Responsibility Media Theory هێنایە بوونەوە (McQuail, 2010).

ئەم تیۆرییە دەڵێت، میدیا بەرپرسـیارێتی لەبەرامبەر جەماوەردا هەیە، ئەویش ڕەچاوکردن ولادانی هەموو ئەو بابەت و هەواڵانەی کە بە جۆرێك لە جۆرەکان زیان بە هاوڵاتی دەگەیەنێت، هەروەها دەڵێت پێویستە میدیا چاودێر و پارێزەری مافەکانی جەماوەر بێت لای دەسـەڵات، لە تیۆری بەرپرسـیارێتی کۆمەڵایەتیدا ئازادی پابەندە، بەو واتایەی ڕەهایی تەواو، بوونی نیە وەك ئەوەی لە تیۆری لیبرالیدا هەیە. فەیلەسـوف وداڕێژەرانی تیۆری بەرپرسـیارێتی کۆمەڵایەتی جەختدەکەنەوە کەوا ئەم تیۆرە درێژەپێدەری تیۆری ئازادییە، بەڵام چەمکی بەرپرسـیارێتی بۆ زیادبوو . (Christians et al., 2009; McQuail, 2010).

ماکوێل (McQuail) دانەری ئەم تیۆرییە دەڵێت، پێویستە ڕۆژنامەنووس هەندێ لە سانسۆری خودی قبوڵ بکات لە پێناو بەرژەوەندی جەماوەردا، و جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەخلاقی رۆژنامەوانی، دەڵێت هەموو ئەو بابەتانەی کە ڕێگە خۆشـکەرن یان دەبنە هۆی توندوتیژیی و تاوان و تێکدانی بارودۆخی کۆمەڵگە پێویسـتە میدیا لێیان دووربکەوێتەوە (McQuail, 2010).

بێگومان ئەگەر میدیا بە شـێوەیەکی نابەرپرسـانە هەسـتێت بە گەیاندنی هەواڵ و پەخشـکردنی، کاریگەری زۆر نێگەتیفانەی دەبێت و لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدانی کۆمەڵگە و ژینگەی تاکەکەس. ئەمەش زیاتر لە کاتی نائاسـاییدا وەك جەنگ و کارەسات و پەتا ونەخۆشیەکان زۆرتر دەردەکەوێت (Christians et al., 2009; McQuail, 2010) .

ئەگەر لێرەدا هەر فۆکەس لەسەر کاتی نائاسایی بکەین، بۆ نمونە لە ئێتیکی جیهانیدا ڕێگەنەدراوە وێنەی ترسناك و خوێناوی بگوێزرێتەوە، هەرچەندە بابەتەکە بەهای هەواڵی زۆری هەبێت و سـەرچاوەکەیشـی ڕاسـت بێت، بۆ نمونە لە کاتی جەنگ و کارەساتەکاندا، میدیا سنووردار دەکرێ، ئەمەش بۆ سنووردارکردنی ڕاگەیاندن نییە، بەڵکو بۆ پاراستنی کۆمەڵگا و ڕەچـاوکردنی بـاری دەروونی تـاکەکـانی کۆمەڵگەیە، چونکە بەهۆی پەخشـکردنی ئەو جۆرە دیمەنـانە دروسـتبوونی کارەسـاتی تر بەدوور نازانرێت. بەهۆکاری ترس تۆقاندن چەند سـاڵی ڕابردوش لە کوردسـتاندا هەواڵی لەو جۆرەمان زۆر هەبووە، ئەگەر لەوکاتەدا وەك خۆی پەخشـبکرایە کاریگەرییەکی تەواو خراپی دەبوو بۆ هاوڵاتی کورد، یەکێك لەوانە نزیکبوونەوەی داعش بوو لە هەولێر، ئەگەر میدیا وەك خۆی بەجەماوەری بگەیاندایە کۆمەڵگەی توشی شڵەژانێکی گەورە دەکرد.

وەك دەزانین ڕوماڵکردنی نەخۆشـی کۆڕۆنا زۆرترین پانتایی میدیایی لە هەموو جیهاندا هەبووە، تاوەکو ئێسـتا هیچ نەخۆشـی و کارەسـاتێك بە هێندەی ئەم پەتایە ڕوماڵی میدیایی نەبووە. بەڵام بە داخەوە میدیا (بە تایبەت میدیای ئەلەکترۆنی) لەم نەخۆشـیەدا بەرپرسـانە مامەڵەی نەکردووە، هێندەی جەماوەریان ترسـاندووە، هێندە یارمەتیدەر نەبوون بۆ زاڵبوون بەسەر نەخۆشییەکەدا بەتایبەتی لە مانگەکانی سەرەتای نەخۆشییەکەدا.

لە ئێسـتادا کە پەتای کۆرۆنا بۆ هەموو جیهان قەیرانێکی گەورەیە زۆرێك لە پزیشـك و دەروناسـان باسـی گرنگی سـەلامەتی باری دەرونی کۆمەڵگە دەکەن، ئەگەر میدیا زۆر بەئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ هەواڵ و داتاکان و گوێزانەوەی

دیمەنی نەخۆش و ژمارەی مردووەكاندا نەكات كارەساتێكی تری مرۆیی دروست دەبێت، چونكە ئاشكرایە تاكەكانی كۆمەڵگە بەبیستنی هەواڵی ترسناك بەرگرییان كەمدەبێتەوە وتوشی دڵەراوكێ و و تێكچونی تەندروستی دەبێتەوە.

زۆرێك لە پسپۆڕان و شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن نیگەرانی خۆیان بەرامبەر ڕوماڵی میدیایی ئەم نەخۆشییە دەرخستووە، چونكە تا ئێستاش زۆرێك لە میدیا جیهانییەكان نابەرپرسانە كاردەكەن، هەندێك بەشێوەیەكی زۆر تۆقێنەر داتاكان دەخەنە ڕوو، هەندێكی تر وەك جەنگێكی ڕاگەیاندن نەخۆشییەكە لێك دەدەنەوە، وەك گوێزانەوەی لێدوانە دژ بەیەكەكانی سەرۆكی وڵاتە زلهێزەكان، بەمجۆرە خەڵكیان توشی شڵەژانی دەروونی كردووە، دەبوو میدیا فەرمییەكان یاسا و ئێتیكی ڕۆژنامەوانییان لەم كاتەدا باشتر پەیڕەو بكردایە و نەبوونایە مایەی تۆقاندنی خەڵكی.

لە بابەتی پەتای كۆڕۆنادا سۆشیال میدیا بەهیچ شێوەیەك پابەندی ئێتیكی ڕۆژنامەوانی نەبووە. بڵاوكردنەوەی هەواڵی ساختە وەک بڵاوكردنەوەی دیمەنی تۆقێنەر، خەریكە لە كۆنترۆڵ دەردەچێت و كاریگەری نێگەتیفی زیاتری هەبووە.

لەم كاتانەدا ڕاگەیاندن بەرپرسیارێتی قورستری دەكەوێتە ئەستۆ چونكە دەبێت هاوسەنگی لە نێوان بەهای هەواڵ و خێرایی گەیاندنی هەواڵ و مۆڕالی میدیاییدا بكات، تیۆری بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی بە شێوەیەكی سەرەكی باس لە هاوسەنگی لە نێوان پرنسیپەكانی ئازادیی تاك و ئازادیی ڕاگەیاندن وبەرپرسیارێتی ڕاگەیاندن لە بەرامبەر كۆمەڵگەدا دەكات.

**بەشی سێیەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەكە**

**میتۆدی توێژینەوەكە:**

لەپێناوی دەرخستنی لێكەوتە كۆمەڵایەتییەكانی هەواڵی ساختە لە كۆمەڵگەدا، میتۆدی وەصفی شیكاری بەكارهاتووە. لەبەر ئەوەی ئەم میتۆدەی پێویستی بە گریمانە نیە و هەوڵی زانینی پەیوەندی گۆڕاوێكە بە گۆڕاوێكی ترەوە، زیاتر لەوەش ئەم میتۆدە ئەو زانیارییە گرنگانە دەداتە توێژەر كە وێنەیەكی گشتی بابەتی توێژینەوەكە دەنەخشێنن، هەروەها ئامانج لە بەكارهێنانی ئەم میتۆدە لەلایەن توێژەرانەوە تێگەیشتنی ئێستای لێكەوتە كۆمەڵایەتییەكانی هەواڵی ساختەیە لە سەردەمی كۆڕۆنادا لەسەر تاكەكانی كۆمەڵگە.

**كۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەكە**

كۆمەڵگەی توێژینەوەكە: هەرێمی كوردستانە، پێكدێت لە پارێزگاكانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە) كۆمەڵگەیەكی گشتییە كە دەمانەوێت گشتاندنی دەرئەنجامی توێژینەوەكەی لەسەر بكەین.

سامپڵی توێژینەوەكە پێكهاتووە لە (٤٠٧) تاكە كەس، بەنمونەی هەڕەمەكی هەڵبژێردراون، سیفاتەكانی سامپڵی توێژینەوەكەش لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

خشتەی (١)

سیفاتەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

| گۆڕاوەکان | نیشاندەر | ژمارە | % |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ٢٤٤ | ٦٠ |
| | مێ | ١٦٣ | ٤٠ |
| تەمەن | کەمتر لە ٢٤ | ١٠١ | ٢٤,٨ |
| | ٢٥-٣٤ | ١٢٣ | ٣٠,٢ |
| | ٣٥-٤٤ | ١٢٢ | ٣٠ |
| | ٤٥-٥٤ | ٤٨ | ١١,٨ |
| | ٥٥-زیاتر | ١٣ | ٣,١ |
| ئاستی خوێندن | بنەڕەتی | ٥ | ١,٢ |
| | ئامادەیی | ١٨ | ٤,٤ |
| | زانکۆ وپەیمانگا | ٢٨٢ | ٦٩,٣ |
| | ماستەرو دکتورا | ١٠٢ | ٢٥,١ |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | ١٦٤ | ٤٠,٣ |
| | خێزاندار | ٢٣٨ | ٥٨,٥ |
| | جیابووەوە | ٤ | ٠,٩ |
| | تاك مردوو | ١ | ٠,٢ |
| پیشە | فەرمانبەری حکومي | ١٩٥ | ٤٧,٩ |
| | فەرمانبەری ئەهلی | ٨٠ | ١٩,٧ |
| | بێکار | ٣١ | ٧,٦ |
| | خوێندکار | ١٠١ | ٢٤,٨ |
| شوێنی نیشتەجێبون | سلێمانی | ٢١٦ | ٥٣,١ |
| | هەولێر | ١٥٥ | ٣٨,١ |
| | هەڵەبجە | ٢٤ | ٥,٨ |
| | دهۆك | ١٢ | ٢,٩ |

بەکاربەری سۆشیال میدیا لە هەرێمی کوردستاندا، زیاتر ڕەگەزی نێرن، ئەمەش ڕەنگە بەهۆی ئەو جیاکارییە بێت کە لە کلتوری کۆمەڵگەوە سەرچاوەی گرتووە، زۆر بەکارهێنانی وەکو (عیب) بۆ ژن سەیر دەکرێت، زۆرجار بەهۆیەوە ڕوبەڕوی کێشە بۆتەوە، لەکاتێکدا وەزیفەی ژن بوونیش کۆمەڵێك بەرپرسیارێتی هەستیار دروست دەکات و چوارچێوە بۆ ژیان دیاریدەکات و کاتەکانی دیاریکراو دەبن، لەلایەکی تریشەوە ڕەگەزی نێر ئازادترەو ئامێرەکان ئاسانتر بەردەستەو خێراتر ئاشنا دەبێت لەگەڵیدا. لەهەمان کاتدا تەمەن (٢٥-٣٤) ساڵ، دوای تەواوکردنی زانکۆو، تاڕادەیەك جێگیری ژیانی کۆمەڵایەتییە، زیاتر بەدواداچونییان هەیە بۆ بابەتەکان لەناو سۆشیال میدیادا، و

خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکانیش هەستی بەرپرسیارێتییان وەکو پێویست نییە بەرامبەر خودی خۆیان و بەڕێوەبردنی کاتەکانیان، تێڕوانینی خەڵکیش بەلای دانیشتوانی سلێمانییەوە گرنگترە لە شارەکانی تر.

**ئامڕازەکانی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی ڕاپرسی بەکارهاتووە، لە (٢٧) پرسیاری داخراو پێکهاتووە، کە پێش دابەشکردنی بەسەر سامپڵی توێژینەوەکەدا، دابەشکراوە بەسەر (٥) پسپۆڕی بواری کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندندا، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی گونجاوی ئامڕازی توێژینەوەکە بۆ جێبەجێکردن، پاش هەڵسەنگاندنی لەلایەن پسپۆڕان‌و دەرهێنانی ڕاستی بۆ ئامڕازی توێژینەوەکە، ئەنجامی ڕاستی بڕگەکان (94%) ئەمەش گونجاوی ئامڕازی توێژینەوەکە نیشان دەدات. پاشکۆی (1)

هەروەها بۆ دڵنیا بوون لەجێگیری ئامڕازی توێژینەوەکە، لەبەرنامەی (S.P.S.S) یاسای (ئەلفا کرونباخ) بەکارهێنراو ئەنجامەکەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:

خشتەی (٢)

بەهای (ئەلفا کرونباخ) بۆ جێگیری ئامڕازی توێژینەوە

| ژمارەی بڕگەکان | بەهای (ألفا كرونباخ) |
|---|---|
| ٢٧ | ٦٧ % |

بەوجۆرەی لەخشتەکەدا دیارە ئەنجامی (ئەلفا کرونباخ) بۆ جێگیری ئامڕازی توێژینەوەکە (٦٧%) ئەمەش گونجاوی ئامڕازی توێژینەوەکە نیشان دەدات بۆ جێبەجێکردنی بەسەر سامپڵی توێژینەوەکەدا.

هەروەها چاوپێکەوتن‌و تێبینی کردن وەك ئامڕازی توێژینەوەکە بەکارهێنراون، لەگەڵ ژمارەیەك بەکاربەری میدیا، لەکاتی بینینی ئەو بارودۆخەی لێتوێژراوی تیابوو.

**ئامڕازو هۆکارە ئامارییە بەکارهاتووەکان**

ڕێژەی سەدی بەکاردەهێنرێت بۆ زانینی ڕێژەی وەڵامدانەوەی یەکەکانی فۆرمی ڕاپرسیەکە و بەراوردکردنی نێوانیان، یاساکەشی بەم شێوەیەیە:

یاساکان:

١.ڕێژەی سەدی

$$\text{ڕێژەی سەدی} = \frac{\text{بەش}}{\text{گشت}} \times ١٠٠$$ (طبیە، ٢٠٠٨، ٢٧)

٢.ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری

ناوەندە ژمێرەیی =

$$\bar{\text{س}} = \frac{\text{مج س} \times \text{ن}}{\text{مج ن}}$$ (م. بلالوك، ٢٠٠٠، ٩٦)

لادانی پێوەری

$$\text{ع} = \sqrt{\frac{\text{مج ح}^{٢}}{\text{ن}}}$$ (م. بلالوك، ٢٠٠٠، ١٤٠)

٣.تاقیكردنەوەی (T) بۆ یەك سامپڵو دوو سامپڵ:

هاوكێشەی (T) بۆ یەك سامپڵ (one-sample T-test)

$$\text{ت} = \frac{\text{م١} - \text{م٢}}{\frac{\text{ن}}{\sqrt{\text{ع}}}}$$

(الحسن و زینی، ١٩٨٢، ١٧٥)

هاوكێشەی (T) بۆ دوو سامپڵ (Independent-sample T-tests)

$$\text{ت} = \frac{\text{م١} - \text{م٢}}{\sqrt{\left[\frac{\text{ن١ع١} + \text{ن٢ع٢}}{\text{ن١} + \text{ن٢} - ٢}\right] \times \left[\frac{١}{\text{ن١}} + \frac{١}{\text{ن٢}}\right]}}$$

(ملحم، ٢٠٠٢، ١٩٦)

شیكاری جیاوازی یەك ئاراستە (One Way Anova) وتاقیكردنەوەی شیفە (Scheffe Test)

| سەرچاوەی جیاوازی SV | كۆی ناوەندەژمێرەیی SS | نمرەكانی ئازادی Df | دووجای ناوەندەژمێرەیی MS | بەهای (ف) |
|---|---|---|---|---|
| لەنێوان كۆمەڵەكاندا | $SS_W = \sum X^2_k - \sum \frac{T^2_k}{n_k}$ | K-1 | $MS_B = \frac{SS_B}{K-1}$ | $\frac{MS_B}{MS_W}$ |
| لەناو كۆمەڵەكاندا | $SS_B = \sum \frac{T^2_k}{n_k} - \frac{\sum T^2}{N}$ | N-K | $MS_W = \frac{SS_W}{N-K}$ | |
| كۆی گشتی | $SS_T = SS_B + SS_W$ | N-1 | | |

(أمین، ٢٠٠٧، ١٤٨)

## بەشی چوارەم : خستنەڕووی ئامانجەكان وشیكردنەوەی داتاكان

**ئامانجی یەكەم: خستنەڕووی لێكەوتە كۆمەڵایەتییەكانی هەواڵی ساختە لەسەر تاك و كۆمەڵگە:** بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، لەفۆڕمی ڕاپرسیدا ئەو پرسیارانە دەست نیشان كراوە كە ئاماژەیە بۆ كاریگەری نەرێنی هەواڵی ساختە، كە هەریەك لە پرسیارەكانی ژمارە (٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧)ن ، پاشان ناوەندە ژمێرەیی هەژماركراوو ناوەندەژمێرەیی گریمانی بۆ هەریەكێكیان دەرهێنراوەو دواتر بە یاسای (one sample t.test) جیاوازی نێوان ئەم دوو ناوەندە



JZSB p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

دەرهێنراوە تابزانین هەواڵی ساختە کاریگەریی نەرێنیی هەیە یان نا، ئەنجامەکەشی لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:

خشتەی (٣)

دەرخستنی کاریگەریی دەرونی و کۆمەڵایەتی و هەواڵی ساختە

| کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی | ناوەندەژمێرەیی هەژمارکراو | ناوەندەژمێرەیی گریمانی | لادانی پێوەری | بەهای (T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| کاریگەری لەسەر تاك، پ(٢٢، ٢٣) | ٤,٦٥ | ٦ | ١,٦١ | ١٦,٩ | ٠,٠٠٠بەڵگەدارە |
| کاریگەری کۆمەڵایەتی پ(٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧) | ٩,٨١ | ٥,٥ | ٢,٤٨ | ٣٤,٩٨ | ٠,٠٠٠بەڵگەدارە |

بەهای (T) ی خشتەیی بەنمرەی ئازادی (٤٠٦) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) = ١,٩٦

بەو جۆرەی لەخشتەکەدا دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی بەهای (T)ی هەژمارکراو بۆ هەریەك لە کاریگەرییە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکان (١٦,٩ ، ٣٤,٩٨) گەورەترە لەبەهای (T)ی خشتەیی (١,٩٦)، ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە هەواڵی ساختە کاریگەری تەواوی لەسەر تاك و کۆمەڵگە هەیە، کاریگەرییەکانی لەم خشتەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

خشتەی (٤)

کاریگەرییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر تاك

| کاریگەرییەکان | دوبارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١١٢ | ٢٧,٥ |
| تاڕادەیەك | ١٩٩ | ٤٨,٩ |
| نەخێر | ٩٦ | ٢٣,٦ |
| کۆ | ٤٠٧ | ١٠٠ |

وەك لەخشتەکەدا دیارە لەکۆی (٤٠٧) کەس تەنها (٢٣,٦%) کاریگەرنەبون بە هەواڵی ساختە، لەکاتێکدا لە ٢٧,٥% بە تەواوی کاریگەربوون، وە ٤٨,٩% یان تاڕادەیەك کاریگەر بون، وا تە ئەتوانین بڵێین بەڕێژەی ٧٦,٤% تاکەکانی کۆمەڵگە کاریگەرن بە هەواڵی ساختە، کاریگەرییەکانیش بەچەند شێوازێك ڕەنگیداوەتەوە لەسەر تاك و کۆمەڵگە، وەك لە خشتەکانی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

دەربارەی کاریگەرییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر تاك لەڕوی دەرونییەوە، پرسیاری (٢٣) نیشانی دەدات، لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

خشتەی (٥)

كاریگەرییە دەروونییەكانی هەواڵی ساختە لەسەر تاك

| كاریگەرییە دەرونییەكان | دووبارەبونەوە | ڕیزبەندی | % |
| --- | --- | --- | --- |
| بێمتمانەیی | ٢٨٢ | 1 | ٦٩,٣ |
| نیگەرانی | ٢٣٧ | 2 | ٥٨,٢ |
| گومانی زۆر | ١٧٢ | 3 | ٤٢,٣ |
| ترس و دڵەڕاوكێ | ١٧١ | 5 | ٤٢ |
| فشاری دەرونی | ١٦٦ | 4 | ٤٠,٨ |
| تۆقین | ٣٩ | 6 | ٩,٦ |
| تەنهایی و دابڕان | ٣١ | 7 | ٧,٦ |

بەپێی خشتەكە كاریگەرییە نەرێنیەكانی هەواڵی ساختە لەسەر تاك لە كۆمەڵگەدا دەبێتە هۆی دروست بوونی ئەو بارە دەروونییە نەرێنییانەی لەخشتەكەدا خراوەتەڕوو بەڕێژەی جیاواز، وەك دیارە هەریەك لە (بێمتمانەیی، نیگەرانی، گومانی زۆر، ترس و دڵەڕاوكێ، فشاری دەرونی) لەڕیزبەندی یەكەمی كاریگەرییە نەرێنیەكاندا دەركەوتوون لەسەر تاك، لەگەڵ ئەوەشدا (تۆقین، تەنهایی و دابڕان) بەڕێژەی كەمتر لەسەر تاكەكەس دەركەوتوون، بەهۆی بەركەوتنییان بە هەواڵی ساختە.

لەهەمان كاتدا هەوڵمانداوە بۆ دەرخستنی لێكەوتە كۆمەڵایەتییەكانی هەواڵی ساختە لەسەر تاكەكەس لە كۆمەڵگەدا: بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەش ڕێژەی سەدی بەكارهێنراو ئەنجامەكەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:

خشتەی (٦)

لێكەوتە كۆمەڵایەتییەكانی هەواڵی ساختە لەسەر ڕەفتاری تاكەكەس لە كۆمەڵگەدا

| لێكەوتە كۆمەڵایەتییەكانی هەواڵی ساختە لەسەر ڕەفتاری تاكەكەس لە كۆمەڵگەدا | دووبارەبونەوە | % |
| --- | --- | --- |
| ململانێ | ١٤٢ | ٣٤,٩ |
| شەڕو ئاژاوە | ٧٧ | ١٨,٩ |
| نەگونجان | ٧٢ | ١٧,٧ |
| كێبركێ (منافسه) | ٥٩ | ١٤,٥ |
| پاشملە باسكردن (غەیبەت) | ٥٧ | ١٤ |
| كۆی گشتی | ٤٠٧ | ١٠٠ |

بەپێی خشتەكە كاریگەرییە كۆمەڵایەتییەكانی هەواڵی ساختە لەسەر تاك لە كۆمەڵگەدا دەبێتە هۆی دروست بوونی ئەو پرۆسە كۆمەڵایەتییە نەرێنییانەی لەخشتەكەدا خراوەتەڕوو بەڕێژەی جیاواز، وەك دیارە هەریەك لە



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

(ململانێ، شـــەڕو ئاژاوە، نەگونجان) لەڕیزبەندی یەکەمی کاریگەرییە نەرێنیەکاندا دەرکەوتوون لەســـەر تاك، لەگەڵ ئەوە شدا (کێبرکێ، پا شملە با سکردن) بەرێژەی کەمتر لە سەر تاکەکەس دەرکەوتوون، بەهۆی بەرکەوتنییان بە هەواڵی ساختە.

دەربارەی جۆرەکانی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی ساختە لە سەر تاك، پر سیاری (٢٥) نیشانی دەدات، لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:

خشتەی (7)

جۆرەکانی لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر رەفتاری تاکەکەس لە کۆمەڵگەدا

| جۆرەکانی لێکەوتە کۆمەڵایەتییە هەواڵی ساختە لەسەر رەفتاری تاکەکەس لە کۆمەڵگەدا | دووبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| بێمتمانەی کۆمەڵایەتی | ١٥٤ | ٣٧,٨ |
| تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی | ١١٣ | ٢٧,٨ |
| دروستبونی بیروبۆچونی پێچەوانە | ٧٤ | ١٨,٢ |
| قەناعەت بە هەواڵە ساختەکان | ٣٨ | ٩,٨ |
| دورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی | ٢٨ | ٦,٩ |
| کۆی گشتی | ٤٠٧ | ١٠٠ |

بەپێی خشـــتەکە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی ســـاختە لەســـەر تاك لە کۆمەڵگەدا دەبێتە هۆی دروســـت بوونی ئەو ڕەفتارە کۆ مەڵا یەتیە نەرێنییانەی لەخشـــتەکەدا خراوەتەڕوو بەرێژەی جیاواز، وەك دیارە هەریەك لە (بێمتمانەی کۆمەڵایەتی، تێکدانی ئاسـایشـی کۆمەڵایەتی) لەڕیزبەندی یەکەمی کاریگەرییە نەرێنیەکاندا دەرکەوتوون لەســـەر تاك، لەگەڵ ئەوەشـــدا (دروســـتبونی بیروبۆچونی پێچەوانە، قەناعەت بە هەواڵە ســـاختەکان، دورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی) بەرێژەی کەمتر لەسەر تاکەکەس دەرکەوتوون، بەهۆی بەرکەوتنییان بە هەواڵی ساختە.

دەربارەی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی ســـاختە لەســـەر کاڵبونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پرسیاری (٢٦) نیشانی دەدات، لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:

خشتەی (8)

لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر کاڵبونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

| لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر کاڵبونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان | دووبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی | ٣٤٣ | ٨٤,٣ |
| پەیوەندییە خزمایەتییەکان | ٩٣ | ٢٢,٩ |
| پەیوەندییە خێزانییەکان | ٨٣ | ٢٠,٤ |
| پەیوەندی هاوڕێیەتی | ٧٨ | ١٩,٢ |



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | |
|---|---|---|
| پەیوەندی دراوسێیەتی | ٥٠ | ١٢,٣ |
| کۆی گشتی | ٤٠٧ | ١٠٠ |

بەپێی خشتەکە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر تاك لە کۆمەڵگەدا دەبێتە هۆی دروست بوونی کاڵبونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی، کەبەرزترین ڕێژەی توێژینەوەکەیە وەك لەخشتەکەدا خراوەتەڕوو ، لەکاتێکدا بەڕێژەیەکی جیاواز بووەتە هۆی کاڵبونەوەی فۆرمەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی (پەیوەندییە خزمایەتییەکان، پەیوەندییە خێزانییەکان، پەیوەندی هاوڕێیەتی، پەیوەندی دراوسێیەتی)بەڕێژەی جیاواز لەکۆمەڵگەدا دەرکەوتوون، بەهۆی بەرکەوتنییان بە هەواڵی ساختە.

دەربارەی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر ئەو کەسانەی هەواڵی ساختە بڵاودەکەنەوە لە سۆشیال میدیادا، پرسیاری (٢٧) نیشانی دەدات، لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:

خشتەی (9)

لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر ئەو کەسەی هەواڵەکە بڵاو دەکاتەوە

| لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر ئەو کەسەی هەواڵەکە بڵاودەکاتەوە | دووبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| متمانەی کۆمەڵایەتی لاواز دەبێت | ٢٤٢ | ٥٩,٥ |
| شەرمەزاری | ٨٩ | ٢١,٩ |
| متمانەی بەخۆی نامێنێت | ٦٧ | ١٦,٥ |
| گۆشەگیری | ٩ | ٢,٢ |
| کۆی گشتی | ٤٠٧ | ١٠٠ |

هەواڵی ساختە تەنها کاریگەری نییە لەسەر بەکاربەری سۆشیال میدیا، بەڵکو کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر ئەو کەسەش بڵاوی دەکاتەوە، ئەویش بریتییە لە لەدەستدانی متمانەی کۆمەڵایەتی دەوروبەر کە بەرزترین ڕێژەی توێژینەوەکەیە وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە، جگە لە خولقاندنی بارێکی دەرونی بێمتمانەیی بەرامبەر خود، بارگاوی بە شەرمەزاری و گۆشەگیری لەناو کۆمەڵگەدا.

**ئامانجی دووەم: دەرخستنی جیاوازی نێوان سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی ئەم گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، باری کۆمەڵایەتی، پیشە، پارێزگا)**

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش، بۆ هەریەك لە (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری) هاوکێشەی ( Independent sample t-test) بەکارهێنرا، ئەویش بەهەژمارکردنی ناوەندە ژمێرەیی هەریەکێکیان و پاشان هەژمارکردنی جیاوازی نێوانیان، بۆ هەریەك لە (باری کۆمەڵایەتی، پیشە) شیکاری جیاوازی یەك ئاڕاستە بەکارهێنرا، بەهەمان شێوە ناوەندەژمێرەیی هەریەکێکیان هەژمارکراو دواتر جیاوازی نێوان ئەو ناوەندانە هەژمارکرا. ئەنجامەکەی لەم خشتانەدا خراوەتەڕوو:



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

خشتەی (10)

جیاوازی نێوان سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| ئاستی بەڵگەداری | بەهای (T) هەژمارکراو | ڕەگەز | | | | بڕگە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | مێ | | نێر | | |
| | | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | |
| ٠,٣٦٢ | ٠,٩١٢ | ١,٥٨ | ٤,٧٤ | ١,٦١ | ٤,٥٩ | کاریگەری لەسەر تاک پ(٢٢، ٢٣) |
| ٠,٠٩٣ | ١,٦٨ | ٢,٤٠ | ١٠,٠٦ | ٢,٥٢ | ٩,٦٤ | کاریگەری کۆمەڵایەتی پ(٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧) |
| ٠,٨٤ | ٠,٢٠١ | ٠,٩٧ | ٥,٨٨ | ١,٠٠٧ | ٥,٩٠ | کاریگەری لەسەر متمانەی بەکاربەرانی |

بەهای (T) ی خشتەیی بەنمرەی ئازادی (٤٠٥) و ئاستی بەڵگەداری (0.05) = ١,٩٦

بەوجۆرەی لەخشتەکەدا دەردەکەوێت بەهای (T) هەژمار کراو بچووکترە لەبەهای (T) ی خشتەیی بەنمرەی ئازادی (٤٠٥) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥)، کەواتە جیاوازی نییە لەنێوان ڕەگەزی نێرو مێ بۆ دیاریکردنی کاریگەرییەکانی لەسەر تاک و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری لەسەر متمانەی بەکاربەران بە سۆشیاڵ میدیا.

ب/ جیاوازی نێوان سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی تەمەن: لەبەرئەوەی هەریەك لەئاستەکانی تەمەنی (١٨ – ٢٧ ، ٤٨ – ٥٣) لەسامپڵی توێژینەوەکەدا ژمارەیان زۆر بچووك بوو، کە بەهەردوو ئاستەکە (٣) نموونە بوون، بۆیە دوورمان خستنەوە لەدەرهێنانی جیاوازی لەنێوانیاندا، چونکە بەهۆی کەمی ژمارەیانەوە ئەنجامەکە نازانستی دەردەچوو، لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەی ئەو دوو ئاستەی تری تەمەن دەتوانێت نوێنەرایەتی سامپڵی توێژینەوەکە بکات، بەهۆی زۆری ژمارەیانەوە، بۆیە دەتوانین ئەنجامی جیاوازی نێوان ئەو دوو ئا ستە گشتاندن بکەین بە سەر کۆی نموونەی توێژینەوەکەدا، لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئەنجامی جیاوازییەکە خراوەتەڕوو:

خشتەی( 11)

ناوەندە ژمێرەیی کاریگەری لەسەر تاک و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری

لەسەر متمانەی بەکاربەرانی بەپێی گۆڕاوی تەمەن

| ٤٥- ٥٤ | | ٣٥- ٤٤ | | ٢٥- ٣٤ | | کەمتر لە ٢٤ | | تەوەرەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | |
| ١,٤٩ | ٤,٧٩ | ١,٦٣ | ٤,٥٨ | ١,٧٧ | ٤,٨٩ | ١,٨ | ٥ | کاریگەری لەسەر تاک |
| ٢,٣٨ | ٩,٦١ | ٢,٤٥ | ٩,٨١ | ٣,٠٣ | ١٠,٨٣ | ٣,٣١ | ١٠ | کاریگەری کۆمەڵایەتی |
| ١,٠٣ | ٥,٩٩ | ٠,٩٧ | ٥,٨٥ | ١,١٣ | ٦ | ٠,٨٣ | ٥,٨٠ | کاریگەری لەسەر متمانەی بەکاربەرانی |

لە خشتەکەوە دەردەکەوێت جیاوازی هەیە لەنێوان ناوەندە ژمێرەییی گۆڕاوەکانی تەمەن، بۆ هەریەکە لە تەوەرەکان، بۆئەوەی بزانین ئەم جیاوازییە دەگاتە ئاستی بەڵگەداری ئاماری، یان نا، شیکاری یەك ئاڕاستەمان بەکارهێنا، لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئەنجامەکەی خراوەتەڕوو:

خشتەی (12)

ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاڕاستە بۆ کاریگەریی لەسەر تاک و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری لەسەر متمانەی بەکاربەرانی بەپێی گۆڕاوی تەمەن

| تەوەرەکان | سەرچاوەی جیاوازی | Sum of squre (کۆی ناوەندە ژمێرەیی) | (df) نمرەکانی ئازادی | Mean square (دووجای ناوەندە ژمێرەیی) | بەهای (ف) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کاریگەری لەسەر تاک | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | ٥,٠٧ | ٣ | ١,٦٩ | ٠,٦٥ | ٠,٥٨ |
| | لەناو کۆمەڵەکاندا | ١٠٤١,٠٧ | ٤٠٣ | ٢,٥٨ | | |
| | کۆی گشتی | ١٠٤٦,١٥ | ٤٠٦ | | | |
| کاریگەری کۆمەڵایەتی | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | ٢٣,١٩ | ٣ | ٧,٧٣ | ١,٢٥ | ٠,٢٨ |
| | لەناو کۆمەڵەکاندا | ٢٤٦٩,٨١ | ٤٠٣ | ٦,١٤ | | |
| | کۆی گشتی | ٢٤٩٣,٠١ | ٤٠٦ | | | |
| کاریگەری لەسەر متمانەی بەکاربەرانی | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | ١,٧٩ | ٣ | ٠,٥٩ | ٠,٦٠٤ | ٠,٦١٣ |
| | لەناو کۆمەڵەکاندا | ٣٩٨,٢٣ | ٤٠٣ | ٠,٩٨ | | |
| | کۆی گشتی | ٤٠٠,٠٢ | ٤٠٦ | | | |

بەهای (ف) خشتەیی بە نمرەی ئازادی (٣- ٤٠٣) ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) = ٢,٦٢

وەك لە خشتەکەدا دیارە بەهای فای هەژمارکراو لە تەوەرەکانی کاریگەری لەسەر تاك و کۆمەڵگەو متمانەی بەکاربەرانی (٠,٦٠، ١,٢٥، ٠,٦٠٤) بچوکترە لە بەهای فای خشتەیی (٢,٦٢) بە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) و نمرەی ئازادی (٣-٤٠٣) کەواتە بەپێی گۆڕاوی تەمەن لەو تەوەرانەدا جیاوازی نییە لەنێوان نمونەی توێژینەوەکەدا، سەبارەت بەلێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر کۆمەڵگە.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

خشتەی ( 13)

جیاوازی نێوان سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری

| برگە | ئاستی خوێندەواری | | | | بەهای (T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | بنەڕەتی | | ئامادەیی | | | |
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| کاریگەری لەسەر تاک پ(٢٢، ٢٣) | ٤,٧٤ | ١,٧٨ | ٤,٦٢ | ١,٤٦ | ٠,٧٧ | ٠,٤٣ |
| کاریگەری کۆمەڵایەتی پ(٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧) | ١٠,٣٩ | ٢,٥٢ | ٩,٤٣ | ٢,٣٥ | ٣,٨٧ | ٠,٠٠٠ |
| کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی متمانەی بەکاربەران | ٥,٨٤ | ٠,٩٩ | ٥,٩١ | ٠,٩٩ | ٠,٧١ | ٠,٤٧ |

بەهای (T) ی خشتەیی بەنمرەی ئازادی (٤٠٠) و ئاستی بەڵگەداری (0.05) = ١,٩٦

بەوجۆرەی لەخشتەکەدا دەردەکەوێت بەهای (T) هەژمار کراو لەتەوەری (کاریگەری لەسەر تاك، کاریگەری لەسەر کەمبونەوەی متمانەی بەکاربەران) (٠,٧٧، ٠,٧١) بچووکترە لەبەهای (T)ی خشتەیی (١,٩٦) بەنمرەی ئازادی (٤٠٥) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥)، کەواتە جیاوازی نییە لەنێوان ئاستی خوێندەواری بنەڕەتی و ئامادەیی، بۆ دیاریکردنی کاریگەرییەکانی لەسەر تاک و کاریگەری لەسەر متمانەی بەکاربەران بە سۆشیاڵ میدیا، بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان ئاستی خوێندەواری لە تەوەری کاریگەری کۆمەڵایەتی، جیاوازییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی خوێندەواری بنەڕەتی، واتە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر هەڵگرانی بڕوانامەی بنەڕەتی زیاتر دەردەکەوێت.

خشتەی (14)

ناوەندە ژمێرەیی کاریگەری لەسەر تاک و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری لەسەر متمانەی بەکاربەرانی بەپێی گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی

| تەوەرەکان | سەڵت | | خێزاندار | | جیابووەوە | | تاک مردوو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
| کاریگەری لەسەر تاک | ٤,٦٧ | ١,٤٨ | ٤,٧٨ | ١,٥٣ | ٤,٦٧ | ١,٧٨ | ٤,٥١ | ١,٨٣ |
| کاریگەری کۆمەڵایەتی | ٩,١٧ | ٢,٢٤ | ١٠,١٣ | ٢,٧٢ | ١٠,٦٦ | ٢,٢٦ | ١٠,٥١ | ٢,٤٨ |



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کاریگەری لەسەر متمانەی بەکاربەرانی | ٥,٩٢ | ٠,٩٦ | ٥,٨٠ | ٠,٩٩ | ٥,٩٧ | ٠,٩٨ | ٥,٨٩ | ١,٠٥ |

لە خشتەکەوە دەردەکەوێت جیاوازی هەیە لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی گۆڕاوەکانی باری کۆمەڵایەتی، بۆهەریەکە لە تەوەرەکان، بۆئەوەی بزانین ئەم جیاوازییە دەگاتە ئاستی بەڵگەداری ئاماری، یان نا، شیکاری یەك ئاڕاستەمان بەکارهێنا، لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئەنجامەکەی خراوەتەڕوو:

خشتەی (15)

ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاڕاستە بۆ کاریگەریی لەسەر تاک و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری لەسەر متمانەی بەکاربەرانی بەپێی گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی

| تەوەرەکان | سەرچاوەی جیاوازی | Sum of squre (کۆی ناوەندە ژمێرەیی) | (df) نمرەکانی ئازادی | Mean square (دووجای ناوەندە ژمێرەیی) | بەهای (ف) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کاریگەری لەسەر تاک | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | ٣,٦٤ | ٣ | ١,٢١ | ٠,٤٧ | ٠,٧٠ |
| | لەناو کۆمەڵەکاندا | ١٠٤٢,٥٠ | ٤٠٣ | ٢,٥٨ | | |
| | کۆی گشتی | ١٠٤٦,١٥ | ٤٠٦ | | | |
| کاریگەری کۆمەڵایەتی | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | ١٥٨,٨٤ | ٣ | ٥٢,٩٤ | ٩,١١ | ٠,٠٠٠ |
| | لەناو کۆمەڵەکاندا | ٢٣٣٤,١٧ | ٤٠٣ | ٥,٨٠ | | |
| | کۆی گشتی | ٢٣٩٣,٠١ | ٤٠٦ | | | |
| کاریگەری لەسەر متمانەی بەکاربەرانی | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | ١,٠٩٢ | ٣ | ٠,٣٦ | ٠,٣٦ | ٠,٧٧ |
| | لەناو کۆمەڵەکاندا | ٣٩٨,٩٣ | ٤٠٣ | ٠,٩٠ | | |
| | کۆی گشتی | ٤٠٠,٠٢ | ٤٠٦ | | | |

بەهای (ف) خشتەیی بە نمرەی ئازادی (٣- ٤٠٣) ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) = ٢,٦٢

وەك لە خشتەکەدا دیارە بەهای فای هەژمارکراو لە تەوەرەکانی کاریگەری لەسەر تاك و متمانەی بەکاربەرانی (٠,٤٧، ٠,٣٦) بچوکترە لە بەهای فای خشتەیی (٢,٦٢) بە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) و نمرەی ئازادی (٣- ٤٠٣) کەواتە بەپێی گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی لەو تەوەرانەدا جیاوازی نییە لەنێوان نمونەی توێژینەوەکەدا، سەبارەت بەلێکەوتەکانی هەواڵی ساختە لەسەر تاك و متمانەی بەکاربەرانی، بەڵام لەڕوی کاریگەری کۆمەڵایەتییەوە بەهای فای هەژمار کراو (٩,١١) گەورەترە لە بەهای فای خشتەیی (٢,٦٢) بەئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ونمرەی ئازادی (٣- ٤٠٣) کەواتە هەواڵی ساختە بەپێی گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی لە تەوەری کاریگەری کۆمەڵایەتی جیاوازی هەیە لەنێوان نمونەی

توێژینەوەکەدا، بۆئەوەی بزانین ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ کام باری کۆمەڵایەتی، تاقیکردنەوەی (LSD) بەکاردەهێنین، وەك لەم خشتەیەدا خراوەتەڕوو:

خشتەی (16)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (LSD) بۆ کاریگەری کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی

| باری کۆمەڵایەتی | جیاوازی ناوەندە ژمێرەیی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|
| سەڵت X خێزاندار | ٠,٩٦ | ٠,٠٠٢ |
| سەڵت X جیابوەوە | ١,٤٩ | ٠,٠٠١ |
| سەڵت X تاک مردوو | ١,٣٣ | ٠,٠٠٠ |
| خێزاندار X جیابوەوە | ٠,٥٢ | ٠,٢٩ |
| خێزاندار X تاک مردوو | ٠,٣٧ | ٠,٣٠ |
| جیابوەوە X تاک مردوو | ٠,١٥ | ٠,٧٥ |

وەک دەردەکەوێت جیاوازییەکە لە نێوان کەسانی سەڵت و خێزاندارو جیابوەوەو تاک مردودایە، جیاوازییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ کەسانی خێزاندارو جیابوەوەو تاک مردوو، لەبەرئەوەی ناوەندە ژمێرەییان گەورەترە لە ناوەندە ژمێرەیی کەسانی سەڵت.

خشتەی( 17)

ناوەندە ژمێرەیی کاریگەری لەسەر تاک و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری لەسەر متمانەی بەکاربەرانی بەپێی گۆڕاوی پیشە

| تەوەرەکان | فەرمانبەری حکومی | | فەرمانبەری ئەهلی | | بێکار | | خوێندکار | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
| کاریگەری لەسەر تاک | ٤,٦٥ | ١,٥٢ | ٤,٦٦ | ١,٦٥ | ٤,٩٦ | ١,٨٩ | ٣,٩٢ | ١,٦٧ |
| کاریگەری کۆمەڵایەتی | ٩,٨٣ | ٢,٣٩ | ٩,٩٢ | ٢,٥٥ | ٨,٩٦ | ٢,٧٢ | ٩,٦٧ | ٢,٥٧ |
| کاریگەری لەسەر متمانەی بەکاربەرانی | ٥,٨٨ | ٠,٩٠٠ | ٥,٨٣ | ١,٠٩ | ٦,٣٨ | ١,٠٩ | ٥,٧٥ | ٠,٧٥ |

لە خشتەکەوە دەردەکەوێت جیاوازی هەیە لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی گۆڕاوەکانی پیشە بۆهەریەکە لە تەوەرەکان، بۆئەوەی بزانین ئەم جیاوازییە دەگاتە ئاستی بەڵگەداری ئاماری، یان نا، شیکاری یەك ئاراستەمان بەکارهێنا، لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئەنجامەکەی خراوەتەڕوو:

خشتەی ( 18)

ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە بۆ کاریگەریی لەسەر تاک و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری لەسەر متمانەی بەکاربەرانی بەپێی گۆڕاوی پیشە

| تەوەرەکان | سەرچاوەی جیاوازی | Sum of squre (کۆی ناوەندە ژمێرەیی) | (df) نمرەکانی ئازادی | Mean square (دووجای ناوەندە ژمێرەیی) | بەهای (ف) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کاریگەری لەسەر تاک | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | ٨,٧٦ | ٣ | ٢,٩٢ | ١,١٣ | ٠,٣٣ |
| | لەناو کۆمەڵەکاندا | ١٠٣٧,٣٨ | ٤٠٣ | ٢,٥٧ | | |
| | کۆی گشتی | ١٠٤٦,١٥ | ٤٠٦ | | | |
| کاریگەری کۆمەڵایەتی | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | ١٩,٤٨ | ٣ | ٦,٤٩ | ١,٠٥ | ٠,٣٦ |
| | لەناو کۆمەڵەکاندا | ٢٤٧٣,٥٢ | ٤٠٣ | ٦,١٥ | | |
| | کۆی گشتی | ٢٤٩٣,٠١ | ٤٠٦ | | | |
| کاریگەری لەسەر متمانەی بەکاربەرانی | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | ٦,٤٠ | ٣ | ٢,١٣ | ٢,١٨ | ٠,٠٨ |
| | لەناو کۆمەڵەکاندا | ٣٩٣,٦٢ | ٤٠٣ | ٠,٩٧ | | |
| | کۆی گشتی | ٤٠٠,٠٢ | ٤٠٦ | | | |

بەهای (ف) خشتەیی بە نمرەی ئازادی (٣- ٤٠٣) ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) = ٢,٦٢

وەك لە خشتەکەدا دیارە بەهای فای هەژمارکراو لە تەوەرەکانی کاریگەری لەسەر تاك و کۆمەڵگەو متمانەی بەکاربەرانی (١,١٣، ١,٠٥، ٢,١٨) بچوکترە لە بەهای فای خشتەیی (٢,٦٢) بە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) و نمرەی ئازادی (٣-٤٠٣) کەواتە بەپێی گۆڕاوی پیشە لەو تەوەرانەدا جیاوازی نییە لەنێوان نمونەی توێژینەوەکەدا، سەبارەت بەلێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر کۆمەڵگە.

خشتەی (19)

ناوەندە ژمێرەیی کاریگەری لەسەر تاک و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری لەسەر متمانەی بەکاربەرانی بەپێی گۆڕاوی پارێزگا

| تەوەرەکان | سلێمانی | | هەولێر | | هەڵەبجە | | دهۆک | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
| کاریگەری لەسەر تاک | ٤,٦٥ | ١,٥٢ | ٤,٦٦ | ١,٦٥ | ٤,٩٦ | ١,٨٩ | ٣,٩٢ | ١,٦٧ |
| کاریگەری کۆمەڵایەتی | ٩,٨٣ | ٢,٣٩ | ٩,٩٢ | ٢,٥٥ | ٨,٩٦ | ٢,٧٢ | ٩,٦٧ | ٢,٥٧ |
| کاریگەری لەسەر متمانەی بەکاربەرانی | ٥,٨٨ | ٠,٩٠ | ٥,٨٣ | ١,٠٩ | ٦,٣٨ | ١,٠٩ | ٥,٧٥ | ٠,٧٥ |

لە خشتەکەوە دەردەکەوێت جیاوازی هەیە لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی گۆڕاوی پارێزگاکان بۆهەریەکە لە تەوەرەکان، بۆئەوەی بزانین ئەم جیاوازییە دەگاتە ئاستی بەڵگەداری ئاماری، یان نا، شیکاری یەك ئاڕاستەمان بەکارهێنا، لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئەنجامەکەی خراوەتەڕوو:

خشتەی (20)

ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاڕاستە بۆ کاریگەریی لەسەر تاک و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری لەسەر متمانەی بەکاربەرانی بەپێی گۆڕاوی پارێزگا

| تەوەرەکان | سەرچاوەی جیاوازی | Sum of squre (کۆی ناوەندە ژمێرەیی) | (df) نمرەکانی ئازادی | Mean square (دووجای ناوەندە ژمێرەیی) | بەهای (ف) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کاریگەری لەسەر تاک | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | ٨,٧٦ | ٣ | ٢,٩٢ | ١,١٣ | ٠,٣٣ |
| | لەناو کۆمەڵەکاندا | ١٠,٣٧,٣٨ | ٤٠٣ | ٢,٥٧ | | |
| | کۆی گشتی | ١٠٤٦,١٥ | ٤٠٦ | | | |
| کاریگەری کۆمەڵایەتی | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | ١٩,٤٨ | ٣ | ٦,٤٩ | ١,٠٥ | ٠,٣٦ |
| | لەناو کۆمەڵەکاندا | ٢٤٧٣,٥٢ | ٤٠٣ | ٦,١٥ | | |
| | کۆی گشتی | ٢٤٩٣,٠١ | ٤٠٦ | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کاریگەری لەسەر متمانەی بەکاربەرانی | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | ٦,٤٠ | ٣ | ٢,١٣ | ٢,١٨ | ٠,٠٨ |
| | لەناو کۆمەڵەکاندا | ٣٩٣,٦٢ | ٤٠٣ | ٠,٩٧ | | |
| | کۆی گشتی | ٤٠٠,٠٢ | ٤٠٦ | | | |

بەهای (ف) خشتەیی بە نمرەی ئازادی (٣- ٤٠٣) ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) = ٢,٦٢

وەك لە خشـــتەکەدا دیارە بەهای فای هەژمارکراو لە تەوەرەکانی کاریگەری لەســـەر تاك و کۆمەڵگەو متمانەی بەکاربەرانی (١,١٣، ١,٠٥، ٢,١٨) بچوکترە لە بەهای فای خشـتەیی (٢,٦٢) بە ئاسـتی بەڵگەداری (٠,٠٥) و نمرەی ئازادی (٣-٤٠٣) کەواتە بەپێی گۆڕاوی پیشــە لەو تەوەرانەدا جیاوازی نییە لەنێوان نمونەی توێژینەوەکەدا، سـەبارەت بەلێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر کۆمەڵگە بەپێی پارێزگاکان.

**بەشی پێنجەم: ئەنجامی توێژینەوەکە:**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١.ڕەگەزی نێر بەرێژەی (٦٠%)، تەمەن ٢٥-٣٤ ســاڵ بەرێژەی (٣٠,٢%)، ئاســتی خوێندنی زانکۆو پەیمانگا بەرێژەی (٦٩,٣%)، ئاسـتی کۆمەڵایەتی خێزاندار(٥٨,٥%)، پارێزگای سـلێمانی (٥٣,١%)، زۆرترین بەکاربەرانی سـۆشـیال میدیا پێکدەهێنن.

٢. (٧٦,٤%) تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە کاریگەربوون بە هەواڵی ســاختە، (٢٧,٥%) یان بە تەواوەتی کاریگەربوون و (٤٨,٩%) یان تاڕادەیەك.

٣.(٦٩,٣%)ی نمونەی توێژینەوەکە بارێکی دەرونی بێمتمانەییان بۆ دروســتبووە، بەهۆی بەرکەوتنییان بە هەواڵی ساختەوە.

٤. (٣٤,٩%) تاکەکانی نمونەکە ڕوبەڕوی ململانێی کۆمەڵایەتی بونەوە، لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵگەدا، وەك پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی نەرێنی.

٥. (٣٨,٣%)، (٢٧,٨%)ی نمونەکە ڕوبەڕوی بێمتمانەیی کۆمەڵایەتی و تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بونەوە، وەکو کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی نەرێنی لەسەر بەکاربەرانی سۆشیال میدیا.

٦. (٨٤,٣%) کاریگەری هەبووە لەسەر کاڵبونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهەموو فۆرمەکانییەوە.

٧. (٥٩,٥%) لەو تاکەکەسانەی هەواڵی ساختە بڵاو دەکەنەوە متمانەی کۆمەڵایەتییان لاواز بووە لەناو کۆمەڵگەدا.

**دەرئەنجامی توێژینەوەکە :**

سۆشیال میدیا وەك بەشێك لە پێکهاتەی کۆمەڵگە هەژمونێکی گەورەی هەیە لە ئاڕاستەکردنی تاك و کۆمەڵگەدا، و تاکەکەســی ڕوبەڕوی پێکدادان کردووە لەگەڵ هەندێك لە داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە، بەجۆرێك شێوازی ژیانی تاکە کەس لە ڕواڵەت و لە بیرکردنەوەدا ڕەنگدانەوەی سۆشیال میدیایە، لەبەرئەوەی هەموو جۆرەکانی میدیای لە بینراوو بیستراوو جوڵاوی تێدا کۆبۆتەوە، و یەکێکە لە سەرچاوە ئاسان و بەردەستەکانی وەرگرتنی زانیاری لە ئێســتادا، بەهۆی مانەوەی تاکەکان لە ماڵەوە، و ئەو بارودۆخە نائاســاییەی کۆڕۆنا خولقاندویەتی، لەهەمان کاتدا

بەهۆی هەســتنەکردن بە بەرپرســیارێتی کۆمەڵایەتی، کە بەبێ فلتەر هەواڵی بێبنەما بڵاو دەکاتەوە، گومان و ترس لەناخی تاکدا دروستدەکات، و دەبێتە هۆی باری دەرونی ناتەندروست و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی نائاسایی و بەرزبونەوەی نرخی شمەك، تێکدانی بەهاکانی کۆمەڵگە، و برەودان بە خۆپەرستی.

بێمتمانەیش وەکو دیاردەیەکی دەرونی و کۆمەڵایەتی یەکێکە لە دەرئەنجامە سلبییەکانی هەواڵی ساختە، لای تاك قەیرانێکی دەرونی ڕوخێنەرە، بەرامبەر بە خودی خۆی و هەموو ئەو شــتانەی لەدەرەوەی خۆیەتی، شــێواویەکی دروســتکردووە لەســەر وەرگرتنی زانیارییەکان (Mass Information) بەمەش تاك بڕوای بە زانیارییە ڕاســتییەکانی کۆڕۆنا نامێنێت لەلایەکەوە، وە لەلایەکی ترەوە بێئیرادە دەبێت، وە بە پێچەوانەوە، زۆرجار توشــی فۆبیا دەبێت لەڤایرۆســەکەو بەرگری لەشــی کەم دەبێتەوەو لەکۆتاییدا بەرەو هیلاکی و ناڕەحەتی دەبات، و نزیکی دەکاتەوە لە مردن، هەروەك وەزیری تەندروســتی هەرێم لە لێدوانێکیدا لە بارەی زۆربونی حاڵەتەکانی کۆڕۆناوە بێمتمانەیی هاوڵاتییان بە هۆکار دەزانێ (-1/6/2020 لڤین) واتە دەرئەنجامی بێمتمانەییەکە بەهۆی هەواڵی ســاختەوە، لەلایەکەوە بەهەند وەرنەگرتنی بارودۆخەکەو بێباکی و، لەلایەکی ترەوە بێئیرادەیی و، لەکۆتاییدا بێنۆرمی و پەشێوی بۆتاك لەکۆمەڵگەدا دروســت دەکات. چونکە هەواڵدەرەکە ســاختەی لەگەڵ بەرکەوتەکانی ســۆشــیال میدیا کردوە لەپێدانی زانیاری ڕاســتدا، لەبەرئەوەیە پێوەرەکانی ڕاســتگۆیی تەم و مژاوی و گوماناوی دەبن، لە دەرئەنجامدا تاك پابەندی زانیارییە دروستەکان و خۆپارێزی نابێت، و لەهەمان کاتیشدا پاڵپشتی ڕێکارییە خۆپارێزییە گشتییەکانیش نابێت، و لەڕوی کۆمەڵایەتیشەوە دابڕان و دورکەوتنەوە لەنێوان تاکەکاندا دروست دەکات، بڕوا بەیەکتری لەق دەکات، چونکە پەیوەندییەکی افتراضــیە ناتوانرێت نیشــانەکانی ئەو ســاختەییە لە کەســی هەواڵپێدەرو ئەو زانیارییەدا بە ئاســانی دەرك بکەیت، لەکاتێکدا بڕواکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بە هەواڵی ســاختە زیاترە، چونکە ســۆشــیال میدیا کۆکەرەوەی هەموو جۆرەکانی میدیایە، تاکیش ڕۆڵی پاســڤ دەبینێت و تەنها وەرگرە، و بەرکەوتەی ئەو شــێواوی و تێکەڵاوییەیە لە زانیاری و ابتزاز کردنییان، بەهۆی ئیدمانبونییان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، هۆکارەکانی ئەم بێمتمانەییە لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگەدا، مێژویەکی دورودرێژی هەیە، ڕەگەکانی بەناو هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا شۆڕبونەتەوەو بارودۆخەکە سازاوە بۆ تەشەنەکردنی ئەم قەیرانە، لەهەمان کاتدا هەواڵی ساختە ســەبارەت بە کۆڕۆنا دەروازەیەك بوو بۆ دەرخســتنی ئەو قەیرانە قوڵەی بێمتمانەیی کە بارودۆخی نەخوازراوی کۆمەڵگە بەهۆی قەیرانە جیاوازییەکانییەوە چەندین ســاڵە دروســتیکردووە، وەکو ئەو هەموو بەڵێنە ســاختەو بێبنەمایانەی دەسەڵاتدارو سیاسییەکان وناکۆکی نێوانیان و یەکتر شکاندن و ڕەفتارە ڕوپامایی و چەند ڕوەی نێوان تاکەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەزمونی دەکەن.

هەواڵی ساختە کاریگەری لەسەر کلتوری کۆمەڵگە دروستکرد، وەکو ململانیی لەنێوان تاك و دواتر ململانێی لەنێوان تاك و دامەزراوە مەرجەعییەکانیداو لاوازی وابەســتەبون بە ســیســتمە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانەوەو ئازادی لە پەیوەندییەکانیدا بەوانی ترەوە، ڕۆشنبیری کەراهیەتی لە نێوان تاکەکاندا دروستکردووە،

هەواڵی ساختە تێڕوانینکی گوماناویت بەرامبەر خەڵك بۆ دروستدەکات، پێوەرەکانی باشی و خراپی لە هەڵسەنگاندنی ئەویتردا دەشێوێنێ و بڕیاری نەشیاو لەبەرامبەریاندا گەڵاڵە دەبێت.

هەواڵی ساختە کە بەهۆی سۆشیال میدیاوە خێراتر بڵاو دەبێتەوە، ڕەنگدانەوەیەکی کلتوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە لەسەر ژیانی کۆمەڵگە، ودەبێتە هۆی ململانێ ودورکەوتنەوەی تاك و گروپەکان لەیەکتری و دورەپەرێزی و خۆپەرستی، بەهۆی ئەو ناڕاستی زانیارییەی کە تاکەکان، وەریدەگرن ڕوبەڕوی ئیهانەو سوکایەتی و بەدگومانی دەبنەوەو لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی خولقاندنی ململانێ لەگەڵ خودی خۆی و دەوروبەرەکەیدا، کە لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ ئەوانیتر ڕەنگدەداتەوە، و زۆر جاریش کۆتایی پێدەهێنێت، لەکاتێکدا کە پەیوەندییەکان هەناوی ژیانی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن و مانای پێدەبەخشن، بەڵام سۆشیال میدیا بەسروشتی خۆی کەبوەتە پلاتفۆرمێك بۆ گەیاندنی هەواڵی ساختە، بەبێ هیچ گفتوگۆو بیرو ڕا وەرگرتنێکی بەکاربەر، وبەهەند وەرگرتنی ئومێدەکانی تاك لەبارودۆخێکی پڕ کێشەی سەردەمی کۆڕۆنادا، بەبێ بونی سەرچاوەیەکی ئاشکرا، زانیارییەکانی دەگەیەنێتە بەکاربەرو فەوزایەکی قەیراناوی دەخولقێنێ و بەجێیدەهێڵێت. بەڵام ئەگەر سەرچاوەکەی دیاربێت، ئەوە ململانێ لەگەڵ خودی هەواڵدەریشدا دروستدەبێت، زۆرجار لە کاڵبونەوەو دابڕانی پەیوەندییەکانی و دورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتیدا ڕەنگدەداتەوە.

بێمتمانەیی و تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لێکەوتە نەرێنییە شاراوەکانی هەواڵی ساختەن، لە شێوەی ترس و نائارامیدا لەسەر تاك و لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا بەرجەستەبون، چەندین کێشەی خێزانی وکۆمەڵایەتی خولقاندووەو، و سیستمی کۆمەڵایەتی لەق کردووە، جێکەوتەشی لەسەر سیستمەکانی تر داناوەو تماسکی نێوانیانی لاواز کردووە، ئەمەش لە دەرئەنجامی ئەو ململانێیەی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیە، بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی کەسی و حزبی و دور لە خەمی گشتی، واتە لە هەرێمی کوردستاندا ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە مەترسیدایە و دواجار ئاسایشی نەتەوەیی و گشتیش دەخاتە مەترسییەوە.

بە گشتی سۆشیال میدیا گۆڕانکاری لە فۆرمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دروستکردووە، کردویەتییە پەیوەندییەکی گریمانەیی (افتراضي)، سنوری ناوچەو هەرێمی تێپەڕاندووە، زۆر ئاسان هەواڵەکانی پێدەگات و بڵاوی دەکاتەوە، پەیوەندییە ڕوبەڕوو ڕاستەقینەکانی کاڵکردەوە، و کردییە پەیوەندییەکی ڕواڵەتی و بڕیاردەری چاکەو خراپە، مانایەکی تری بەخشی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش دەرئەنجامی بێمتمانەیی و ململانێیە لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا، چونکە (درۆ)و ساختە لە خەسڵەتە بێزراوەکانن لە کلتوری کۆمەڵگەدا، لەهەمان کاتدا، هۆکارێکە بۆ لاوازی یان نەمانی پێکەوە ژیان و شکۆی دامەزراوەکان ، و سۆشیال میدیا بەتایبەتی و ڕاگەیاندن بە گشتی.

سیستم و دەسەڵات ناتوانن کۆنترۆڵی هەواڵی ساختە بکەن کەلەڕێگەی فەیس بوکەوە بڵاو دەبێتەوە، چونکە دوو ملیارو چوار سەد ملیون کەس تەنها فەیسبوك بەکار دەهێنن (NRT، ٢٠١٩/١/١٢) بەرنامەی تەوەری ڕۆژ)، لە هەمان کاتدا سۆشیال میدیا وەك دەسەڵاتی چوارەم هەژمونێکی گەورەی هەیە لەسەر پێکهاتەو وەزیفەی دامەزراوەکانی تری

کۆمەڵگە، بەجۆرێك پەراوێزی خستوون، سنوری جوگرافی و سیاسی نییەو لەهەموو تاکێك نزیکەو بە ئاسانترین شێوە بەکاری دەهێنێ و ڕۆڵی مرسلی (نێرەر)ی بە هەموو تاکێك بەخشیوە، هەرچەندە ئەوەی لە سۆشیال میدیادا بڵاو دەبێتەوە سەرچاوەکەی ونە، و دیار نییە، لەکۆتاییدا هەموو ئەمانە دەبێتەهۆی، ئاسایی کردنەوەی هەندێك ڕەفتارو شێوازی ژیان، نامۆ بە کلتوری کۆمەڵگە و تۆخکردنەوەی بەجیهانیکردنی یەك کلتور.

**ڕاسپاردە:**

لە بەرمەبنای ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە، ئەم ڕاسپاردانە دەخەینەڕوو:

١.دانانی وانەی ئیتیکی و مۆرالی، و بەهێزکردنی هەستی بەرپرسیارێتی لەبەکارهێنانی سۆشیال میدیادا

٢.کارکردن لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاك و کۆمەڵگە، لەبەرامبەر تەکنیك و ڕاستییەکانی سۆشیال میدیا، چونکە هۆشیاری تاك (بەکاربەر) هێزو کاریگەری هەواڵی ساختە کاڵدەکاتەوە، زۆرجاریش بێزراوی دەکات و، هەواڵدەرەکەش ڕوبەڕوی لەکەی کۆمەڵایەتی (الوصمە الاجتماعیە) دەبێتەوە.

٣.دانانی یاساو ڕێسایەك لەلایەن حکومەت و کۆمپانیاکانەوە بۆڕێگرتن لە هەواڵی ساختە

٤.بەکلتورکردنی بەهای ڕاستگۆیی لە کۆمەڵگەدا

٥.دانانی وانەی بیری ڕەخنەیی لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا، لەپێناوی بنیاتنانی تاکی هۆشیار و کۆمەڵگەی هۆشیار

٦.گرنگیدان بە پەروەردە لە ناو خیزان ودامەزراوە پەروەردەییەکانداو بەهەند گرتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەهێزکردنی وەك سەرچاوەیەکی بەهێزی سەرمایەی کۆمەڵایەتی.

**پێشنیار:**

لە کۆتایی توێژینەوەکە پێشنیار دەکەین کە: توێژینەوەی هاوشێوە ئەنجام بدرێت بەناونیشانی:

١.لێکەوتە ئابورییەکانی هەواڵی ساختە لەسەردەمی کۆرۆنادا

٢. لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر ژن

٣. لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر هەرزەکار

٤.هەر ئەم بابەتە لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر کۆمەڵگە، بەڕێگەی (شیکاری ناوەڕۆك) (فۆکەس گروپ) ئەنجام بدرێت.

٥. لێکەوتە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵی ساختە لەسەر ئەوکەسەی هەواڵی ساختە بڵاو دەکاتەوە، بەڕێگەی (چاوپێکەوتن)

**سەرچاوەکان/**

1. أمین، أسامە ربیع (٢٠٠٧): التحلیل الإحصائی، بإستخدام برنامج S.P.S.S، الطبعە الثانیە، المکتبە الأکادیمیە والمکتبە الأنجلو المصریە، القاهرە.

2. بدوی، أحمد زکی (١٩٨٢): معجم مصطلحات العلوم الإجتماعیە، مکتبە لبنان، بیروت.

3. الحسن، أحسان محمد وعبدالحسين زينى (١٩٨٢): الاحصاء الإجتماعى، دار الكتب للطباعه والنشر، الموصل.

4. حسن، عبدالباسط محمد (١٩٨٢): أصول البحث الإجتماعى، الطبعه الثامنة، مكتبة وهبة، قاهرة.

5. طبيه، أحمد عبدالسميع (٢٠٠٨): مبادئ الإحصاء، الطبعه الإولى، دار البدايه للنشر والتوزيع، عمان.

6. م. بلالوك، هيربرت (٢٠٠٠): الاحصـاء الإجتماعى، ترجمه: عثمان الحسـن محمد و سـليمان محمد رضـوان، الطبعة الثانية، مكتبه العبيكات، الرياض.

7. ملحم، سامى محمد (٢٠٠٢): مناهج البحث فى التربيه وعلم النفس، الطبعه الثانيه، دار المسيرة، عمان.

8. الحسن، احسان محمد (١٩٩٩): موسوعة علم الاجتماع، الطبعه الاولى، الدار العربية للموسوعات، بيروت-لبنان.

9. غيث، محمد عاطف (٢٠٠٦): قاموس علم الاجتماع، دار المعرفة الجامعية، اسكندرية

10. Alcott, H., & Gentzkow, M. (2017). Social Media and Fake News in the 2016 Election. Retrieved from Stanford University.

11. Christians, C.G., 2009. *Normative theories of the media: Journalism in democratic societies* (Vol. 127). University of Illinois Press.

12. Kaplan, A. M., & Haenlein, M. (2010). Users of the world, unite! The challenges and opportunities of Social Media. *Business horizons*, *53*(1), 59-68.

13. Kietzmann, J. H., Hermkens, K., McCarthy, I. P., & Silvestre, B. S. (2011). Social media? Get serious! Understanding the functional building blocks of social media. *Business horizons*, *54*(3), 241-251.

14. Martens, B., Aguiar, L., Gomez-Herrera, E., & Mueller-Langer, F. (2018). The digital transformation of news media and the rise of disinformation and fake news.

15. McQuail, D., 2010. *McQuail's mass communication theory.* Sage publications.

16. Nagi, K. (2018). New social media and impact of fake news on society. *ICSSM Proceedings*, *July*, 77-96.

17. Obar, J. A., & Wildman, S. S. (2015). Social media definition and the governance challenge-an introduction to the special issue. *Obar, JA and Wildman, S.(2015). Social media definition and the governance challenge: An introduction to the special issue. Telecommunications policy*, *39*(9), 745-750.

18. Ylianttila, M., Kantola, R., Gurtov, A., Mucchi, L., Oppermann, I., Yan, Z., ... & Röning, J. (2020). 6G White paper: Research challenges for Trust, Security and Privacy. *arXiv preprint arXiv:2004.11665*..

پاشکۆی (١)

ناوی شارەزایان بۆ هەڵسەنگاندنی ئامرازی توێژینەوەکە

| ژ | ناوی شارەزایان | نازناوی زانستی | پسپۆڕی | شوێنی کار |
|---|---|---|---|---|
| ١ | د. شەهلا وەلی جبار | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی | زانکۆی صلاح الدین |
| ٢ | د. مراد حکیم | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی | زانکۆی صلاح الدین |
| ٣ | د. سەنگەر | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی | زانکۆی صلاح الدین |
| ٤ | د. عالیە فرج | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی | زانکۆی سلێمانی |
| ٥ | د. ئاشتی حمەصالح | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ڕاگەیاندن | زانکۆی سلێمانی |

ڕێژەی سەدی ڕاستگۆیی ئامرازی توێژینەوەکە = (**ژمارەی بڕگە گونجاوەکان** / **ژمارەی گشتی پرسیارەکان**) X ١٠٠

= (١١٨ / ١٢٥) x ١٠٠ = ٩٤,٤